

# کۆماری ئیسلامیی ئێران

# تاوانێکی دیکەی خولقاند!

## شەهاب پەرویزی لاوی تەمەن 30 ساڵەی دانیشتووی شاری سەقز لەڕۆژهەڵاتی کوردستان، دوای 15 ڕۆژ ڕاگرتنی لەژووری تاکەکەسی، بەهۆی شکەنجەی جەستەی و دەروونییەوە گیانی لەدەستدا!

**شەهاب پەرویزی** پێشتر بەتاوانی ڕاگرتنی چەکی بێمۆڵەت، ماوەی 6 ساڵ تەمەنی لاوێتی خۆی لەبەندیخانەی "اطلاعات"ی شاری سەقزدا تێپەرکردبوو. لەوماوەیەدا بەهۆی گوشاری زۆری دەروونی بۆ سەر خۆی وبنەماڵەکەی، دایکوباوکی مردن. دوای لەدەستدانی دایکوباوکی، بۆ ماوەیەک ئازادکرا کرا، بەڵام لەمانگی پووشپەڕەوە جارێکی دیکە گیرایەوە و، شکەنجە ولێدان و، گوشاری دەروونی بۆ سەر شەهاب پەرویزی سەرلەنوێ دەستپێکرایەوە. هەر لەومانگەدا ئەندامانی دیکەی بنەماڵەکەی دەچن بۆ سەردانی، بەڵام ڕێگەنادەن یەکتری ببینن و، سووکایەتی و گاڵتەیان پێدەکەن.

بنەماڵەکەی شەهاب پەرویزی هەوڵی زۆردەدەن تاکو دەزانن تەرمی شەهاب براوە بۆ ساردخانەی نەخۆشخانەی شار.

لەنێوبردنی شەهاب پەرویزی لە زیندانی سەقز، کوژرانی هدا سابیر ڕۆژنامەنووس لە زیندانی ئێڤین لەتاران، کوژرانی هالە سەحابی چالاکی مافی ژنان لەتاران هاوکات لەگەڵ یەک ئەنجامدران.

لەگەڵ دەستنیشانکردنی **ڕێزدار ئەحمەد شەهید لێکۆڵەری تایبەتی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی سەر بە کۆمەڵەی نەتەوە یەککگرتووەکان** بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بەتاوانەکانی ڕژێمی نگریسی ئیسلامیی ئێران لەماوەی 32 ساڵی ڕابردوودا، جێی خۆیەتی حیزبەکان و ڕێکخراوەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستان ئەو ڕاپۆرتانەی کە پێشکێشی بەڕێز ئەحمەد شەهیدی دەکەن، هەروەها سەرنجی بۆلای کوشتنی شەهاب پەرویزی ڕاکێشن.

هێژای گوتنە، ڕژێمی ئێران تەنیا ڕژێمێکە لەئاستی هەموو جیهان کە کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان ناچاربووە، لێکۆڵەری تایبەتی بۆ دەستنیشان بکات، کە ئەمەش پێشاندەری ئاستی بەرزی پێشێلکردنی مافی مرۆڤە لەئێران و، هۆیەکیشە بۆ شەرمەزاریی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەم قۆناخە مێژووییەدا.

28ی پووشپەڕی 1390 (18 ژۆئن 2011)

**نیما - سنە ڕۆژهەڵاتی کوردستان**